{ڕێنماییەکانی لیژنەی ناوەندی دانان و وەرگێران / زانکۆی سەلاحەدین

زانکۆ، بە هاوکاری و کۆششی دەستەی مامۆستایانی پلە بەرزو خاوەن ئەزموون، هەڵدەستێ بە ئەرکی بلاوکردنەوەی پەرتووکی زانستی لە ریی دانان یان وەرگێران بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندنی بەرایی و خوێندنی بالاَ.

بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەی ناوەندی دانان و وەرگێران لە زانکۆی سەلاحەدین ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەیان داناوە:

یەکەم: ریٚنماییە زانستییەکان:

١. دەبێ دانەر یان وەرگێر خاوەن توانا و ئاستی زانستی و پەروەردەی بەرز بێ و هەڵگری پلەی زانستی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێ.خاوەن پلەی مامۆستا مافی هەیە ، لەگەڵ پلەی بەرزتر ، هاوبەشی دانان یان وەرگێڕی بکات.
٢. ئەگەر دانەر بە تەنیا بوو دەبێت پێنج سەرچاوەی بلاوکەرەوەی باوەرپێکراو تایبەتی خۆی لە بواری بابەتی پەرتووکە وەك سەرچاوە بەکاربێنێت وە ئاماژەی پێکرابێت لە ناو پەرتووکەکە. بۆ دانانی هاوبەش دەبێت سێ سەرچاوەی بلاوکەرەوەی باوەرپێکراو هەر یەك لە بەشداران لە بواری بابەتی پەرتووکە وەك سەرچاوە بەکار بێنێت وە ئاماژەی پێکرابێت لە ناو پەرتووکەکە.
٣. بۆ هەر پەرتووکێك، نابێ ژمارەی دانەران یان وەرگێران لە (٣) ئەندام زیاتر بێت.
٤. سەرەتا دەبێ دانەر یان وەرگێر داواکاری بە دانان یان وەرگێران لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتووکەکە (محتویات یان پێڕست) پێشکەش بە بەشی زانستی بکات و لەلایەن بەشەوە دیراسەت بکرێ، دواتر بەش پێشنیاری خۆی سەبارەت بە پەرتووکەکە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ (لیژنەی ناوەندی دانان و وەرگێران)، بە ریگای راگرایەتی کۆلێژەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ دەرکردنی فەرمانی زانکۆی.
٥. پاش دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بە دانان یان وەرگێران، پێویستە (٣) کۆپی لە پەرتووکەکە، بەچاپکراوی، لەگەڵ کۆپیەك لە ناو (CD) لە ڕێگەی لیژنەی زانستی بەش و ئەنجوومەنی

کۆلێژ بۆ لیژنەی ناوەندی دانان وەرگێران لە سەرۆکایەتی بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

٦. سەبارەت بە وەرگێران، دەبێ دوا چاپی پەرتووکی کە وەدەگێرێت لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێت.

٧. نابێ پەرتووکە دانراوەکە و وەرگێڕاوەکە لە جێگەیەکی تردا بلاّو کرابێتەوە.

٨. دانەر مافی ئەوەی هەیە بۆ جاری دووەم پەرتووکەکە چاپ بکاتەوە بەم دوو مەرجەی خوارەوە:

أ. بەڕێژەی زیاتر لە ٢٥٪ گۆرانکاری بەسەر ناوەرۆکی پەرتووکە کرابێت وە پێنج ساڵ لەسەر یەکەم چاپ تێپر بووبێت.

ب. دەبی مامەڵەی نوێی بۆ بکرێ بۆ هەڵسەنگاندن و بەدەستهێنانی رەزامەندی زانکۆ.

٩. ئەگەر پەرتووکەکە لە چەند بەش (جزء Volume) پێکهاتبێ، هەر بەشێك وەك پەرتووكێكی سەربەخۆ مامەڵەی زانستی و هەڵسەنگاندن و دارایی لەگەڵدا دەکرێ. وە هەر بەشێك لە ١٥٠ لاپەرە کەمتەر نەبیت.

١٠. دوای تێپەربوونی (٥) ساڵ لە چاپکردنی لەلایەن زانکۆ، دانەر و وەرگێر مافی چاپکردنەوەی پەرتووکەکەیان دەبێ دوای ئاگادارکردنی لیژنەی ناوەندی دانان و وەرگێران لە سەرۆکایەتی زانکۆ.

١١. دەبێ دەستەواژەی (زانکۆی سەلاحەدین بە ئەرکی چاپکردنی هەڵساوە) لە شوێنێکی بەر چاو لە بەرگی پەرتووکەکە بنوسرێ لەگەڵ ئارمی زانکۆ.

١٢. مۆڵەتی پێدراو بۆ چاپکردنی پەرتووکەکە یەك ساڵە لە بڕواری فەرمانی زانکۆیی و دەکرێ، وە بە پێی پێویست، ماوەی شەش مانگی تری بۆ درێژبکرێتەوە.

<u>دووەم : رێنمایی هەڵسەنگاندن :</u>

أ- دەبێ نهێنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەلایەن لیژنەی ناوەندی دانان و وەرگێران بپارێزرێ.

ب- هەموو پەرتووکێکی دانان یان وەرگێراو دەبێت بەدواداچوونی زمانەوانی بۆ بکرێت لەلایەن پسپۆریك بە پلەی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

ت- هەموو دانانێك لە پەرتووکەکان یان وەرگێران بە دواچوونی زانستی بۆ ئەکرێت.

بەدواچوونی زانستی لەلایەن (٢) پسپۆر لە هەمان بورای زانستی پەرتووکەکە، یەکێکیان ناوەکی (لە ناو عیراق)، ئەوەی تریان دەرەکی (لە دەرەوەی عیراق) جگە لە زمان و ئەدەبی

کوردی، ئەگەر بیرو راو پلەی هەڵسەنگاندنی هەردوو هەڵسەنگێنەر جیاوزبوون، ئەوە پسپۆڕێکی ناوەکی دەستنیشان دەکرێت بۆ وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی.

پ- هەردوو هەڵسەنگێنەر لە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت.

ج- هەڵسەنگێنەر لە ماوەی سێ مانگ هەڵسەنگاندنەکەی ئەنجام بدات بە پێچەوانەوە پەرتووکەکە دەنێرێت بۆ هەڵسەنگێنەرێکی تر.

ح- دانەر یان وەرگێر دەبێت لە ماوەی یەك مانگ پێشنیارەکان ئەنجام بدات. بە پێچەوانە فەرمانی زانکۆیەکی هەڵدەوەشێتەوە بۆ نییە جارێکی تر داواکاری پێشکەش بکات.

سێ یەم : ڕێنماییە داراییەکان:

أ- پاداشتی هەڵسەنگێنەری دەرەکی (٥٠٠) دۆلاری ئەمریکیە، پاداشتی هەڵسەنگێنەری ناوەکیش (٤٠٠) هەزار دیناری عیراقیە. وە پاداشتی زمانەوانی (٢٥٠) هەزار دیناری عیراقیە.

ب- پاداشتی دانەر یان وەرگێر بۆ هەر لاپەرەیەك، کە لە (٢٥٠) ووشە کەمتر نەبێت، (٢٠.٠٠٠) هەزار دیناری عیراقی بێت.

ت- هاوکێشەکان بە دێر هەژمار دەکرێن.

پ- وێنەکان بەلاپەرە هەژمار دەکرێن ئەگەر بە دەست کرابوون.

ج- پێرست و لاپەرەکانی سەرچاوە بە پەرە هەژمار دەکرێن.

ح- سەرپەرشتیاری چاپکردن (١٠٪) لە کۆیی گشتی بڕی پەرتووکەکە پاداشت ئەکرێت.

خ- ئەگەر زانکۆ بە پێویستی زانی کە چاپێکی نوێ، بێ گۆرانکاری، بۆ پەرتووکەکە بکرێ، ٢٥٪ پاداشتی دانان یان وەرگێران بە دانەران یان وەرگێران بدرێ.